# جیهان لەسەر لەپی دەست، یان لەسەر شانۆییەکی بچووک؟

د. فازڵ جاف
(سوید)

(۱ - ۲)

ئەزموونی کارکردنم لە شانۆیی ماڵی بووکەڵەیەک لە چوارچێوەی شانۆی ناو زانکۆدا، دوو دەرئەنجام، یان دوو وانەی باشی بۆ من لێکەوتەوە، یەکەمیان ئەوەبوو تێگەیشتم کە لە شانۆی ناو زانکۆدا پێویستە بەشدارانی شانۆگەرییەکە، بەتایبەتی ئەکتەرەکان قوتابییەکانی زانکۆ خۆیان بن، نەک ئەو ئەکتەرانە بن کە لە دەرەوەی زانکۆوە هاتبن. بەرهەمی شانۆی زانکۆ نابێت چەترێک بێت بۆ شانۆکارانی دەرەوەی زانکۆ. هەندێک جار بەرهەمی زانکۆ تەنیا لە باری کارگێڕی و داراییەوە بە بەرهەمی شانۆیی زانکۆ لە قەڵەم دەدرێت، پێم وایە ئەمە دروست نییە و هیچ پاساوێکیشی بۆ نییە.

بەشبەحاڵی خۆم کاتێک دەستم بە پرۆڤەکردن لەسەر شانۆنامەی ماڵی بووکەڵەیەک کرد و پرۆسەکە سەری نەگرت، بۆم دەرکەوت کە نەدەبوو بۆ کاری شانۆیی لە زانکۆدا پشت بە ئەکتەری دەرەکی ببەستم، ئەوەبوو وەک پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، لە نێو ئەکتەرەکانی شانۆنامەی ماڵی بووکەڵەیەک تەنیا ئەکتەرەکان (عالیە محەمەد ئەمین و پەخشان کەریم) کە ڕۆڵی (نورا و لیندا)یان دەبینی قوتابی زانکۆ بوون، ئەوانی دیکە، واتە پیاوەکان هیچیان قوتابی نەبوون. بە کورتی هەر بەرهەمێکی هونەری ناو زانکۆ، ئەگەر داهێنەرەکانی قوتابییان خۆیان نەبن، ناکرێت بە هونەری ناو زانکۆ لە قەڵەم بدرێت، ئەم بۆچوونە نەک تەنیا بۆ شانۆ، بگرە هەموو لکەکانی دیکەی هونەر لە چوارچێوەی چالاکییەکانی ناو زانکۆ دەگرێتەوە.

دیارە مەبەست لە شانۆی زانکۆ ئەوەیە کە قوتابی بە گیانی داهێنان و ئەفراندن جۆش بدرێت، تا خەیاڵ و ئەندێشەی خۆی لە ڕێگەی شانۆوە کارا بکات، جەستە و



**گرووپی شانۆییەکەی زانکۆی سلێمانی لە ڕێگەی نێوان سلێمانی و کەرکووک**

دەنگ و ئەندێشەی چالاک بێت و لەگەڵ خودی خۆیشیدا پێوەندییەکی ڕەها و پتەوی هەبێت. ئەم بۆچوونەش تەنیا قوتابیانی کۆلێژێکی دیاریکراو ناگرێتەوە، بگرە قوتابیانی هەموو بەش و کۆلێژ و پەیمانگەکان دەگرێتەوە.

لەم ساڵانەی دواییدا گەلێک بەرهەمی نایاب و ناوازەی قوتابیانم لە فیستیڤاڵە جیهانییەکانی زانکۆکاندا بینیوە، جاران وای بۆ دەچووم کە داهێنەرترین قوتابی بواری هونەر، ئەوانەن کە لە بەشەکانی ئەدەبیات و زانستگەلی مرۆیی دەخوێنن، بەڵام لەو فیستیڤاڵانەدا بۆم دەرکەوت، ئەم بۆچوونەم مەرج نییە ڕاست بێت، زۆر جار قوتابیانی کۆلێژەکانی پزیشکی و ئەندازیاری و کشتوکاڵ بەرهەمی شانۆیی ناوازەیان نمایش کردووە.

هەر بۆ نموونە یەکێک لەو نمایشە ناوازانەی کە لە فیستیڤاڵێکی زانکۆکانی مەغریبدا بینیم، نمایشێکی قوتابیانی کۆلێژی پزیشکی ددان بوو، قوتابییەکان هەر خۆیان شانۆنامەکەیان نووسیبوو، خۆیشیان لێهاتووانە ڕۆڵەکانیان دەنواند، بە ئەندازەیەکی ئەوتۆ کە باوەڕم نەدەکرد ئەوانە ئارەزوومەندبن. لە کۆتایی نمایشەکەدا، لەبەر ئەوەی سەرۆکی لیژنەی داوەری بووم، بۆم نەبوو دەستخۆشییان لێ بکەم و هەستی خۆم لەبارەی کارەکەیان دەرببڕم، کە چەند بە نمایشەکەیان سەرسام بووم، بەڵام کاتێک کە خەڵاتی باشترین نمایش و باشترین دەقیان بردەوە، ڕۆیشتم بۆ لای گرووپەکە و سوپاسم کردن و پێم گوتن: کە نمایشەکەتانم بینی، بیرم لەوە دەکردەوە بۆچی چیخۆڤ وەک دکتۆرێک بوو بە یەکێک لە باشترین نووسەرانی شانۆی مۆدێرن و مێژووی شانۆ بەگشتی.

تێگەیشتنم بۆ بایەخ و پێگەی قوتابی لە پرۆسەی داهێناندا، وای لێکردم بۆ کاری داهاتوو، تەنیا پشت بە قوتابی ببەستم، تەنیا قوتابی خۆی لە شانۆی زانکۆدا بە داهێنەری سەرەکی بزانم، ئەم وانەیەم لە ئەزموونی سەرەتایی خۆم لەو سەردەمەوە لەلا گەڵاڵە بوو، بەڵام پاشتر، بەتایبەتی لە سەرەتای نەوەدەکانەوە چڕ و پرتر جێبەجێم کرد. ئەو سەردەمە، سەردەمی حەفتاکان چالاکی هونەری لە ناو سەرجەم زانکۆکانی ئێراقدا گەلێک گەرموگوڕ بوو، ئەوەبوو ساڵانە هەموو زانکۆکان لەلایەن یەکێک لە زانکۆکانەوە بۆ فیستیڤاڵێکی گەورە بانگێشت دەکران، هەموو بەرهەمی خۆیان لە بوارەکانی شانۆ و موزیک و شێوەکاری پێشکەش دەکرد.

چالاکی هونەری شانۆ لە ناو زانکۆکاندا تەکانێکی بەهێزی بە بزاڤی شانۆ لە ئێراق دابوو، نەک تەنیا لە شێوەی بەشداریکردنی قوتابییە بەهرەدارەکان لە نمایشەکاندا، بگرە وەک بینەرانیش، کە بەشێکی زۆری بینەرانی شانۆ لە شاری سلێمانی لەو سەردەمەدا قوتابییەکانی زانکۆی سلێمانی بوون.

بوونی شانۆی زانکۆ لە هەموو جیهاندا مەرجێکی گرنگە بۆ گەشەی شانۆ، ئەم بزاڤە گرنگە لە هەشتاکانەوە، ئێستایشی لەگەڵدا بێت، یەکێکە لە کێشەکانی تەنگژەی شانۆ لە کوردستاندا، کە من پێشتریش لە چەند بۆنەیەکدا، چ بە لێدوان و دیدار و چاوپێکەوتن، چ بە نووسین و وتاریش ئاماژەم پێ کردووە، ئەمە بێجگە لەوەی کە زۆر هەوڵم دا، بەتایبەتی لەو ساڵەدا کە ڕاگری کۆلێژی هونەر بووم، زانکۆی سەلاحەددین بە کردەیی بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ چالاکی ڕۆشنبیری و هونەر لە ناو زانکۆدا دابڕێژێت، بەڵام دیارە هەوڵەکانم جێگەی خۆیان نەگرت.

دەرئەنجامی دووەم کە لە ڕاهێنانەکانی ماڵی بووکەڵەیەکەوە فێری بووم، ئەوەبوو بۆم دەرکەوت کە هەموو دەقێکی شانۆیی بۆ قوتابیانی زانکۆ لەبار نییە، هەندێ جۆری شانۆنامە بە هەمان شێوە مەبەست ناپێکێت، بۆ ئەوەی ڕوونتر مەبەستەکەم بگەیەنم دەڵێم بۆ نموونە شانۆنامەیەکی سایکۆلۆژی، یان ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی، کە پشت بە تێکستی دوورودرێژ دەبەستێت

و پێویستی بە ئەکتەری پیشەمەندی خاوەن ئەزموون هەیە، کەمتر بۆ قوتابییەکی لاوی ئارەزوومەندی کەم ئەزموون دەست دەدات، بۆیە چۆنیەتی هەڵبژاردنی شانۆنامە بۆ شانۆی زانکۆ ئەوەندە گرنگە کە دەکرێت بڵێم نیوەی سەرکەوتنی پرۆسەکەیە.

ساڵی ١٩٧٩ بڕیاربوو زانکۆی سلێمانی بەشداری فیستیڤاڵی زانکۆکانی ئێراق بکات، زانکۆی بەسرە میوانداریی خوولەکەی گرتبووە ئەستۆی خۆی، بڕیاریش درا کە من بەرهەمێکی شانۆیی بۆ فیستیڤاڵەکە ئامادە بکەم. هەر لە سەرەتاوە باوەڕم وابوو کە دەبێت کار لە شانۆنامەیەکدا بکەم، باس لە گەنج و کێشەی لاوان و سەردەمەکەیان بکات، واتە بارودۆخی ژیانی گەنجان بەرجەستە بکات، بەکورتی پێم وا بوو شانۆی زانکۆ دەبێت لە گەنجەوە بۆ گەنج بێت، هەستم دەکرد، گەنجی ئەو ڕۆژگارەی کوردستان پێویستی بە تێکستێکی وزەبەخش و دینامیک هەیە، تێکستێک کە دیدی گەشبینی ببەخشێت و گیانی ئەرێنی تێدا ببزوێنێت، دەقێک کە دینامیک بێت و زۆر بە دیار دۆخی دەروونی و کێشەی ئاڵۆزی خودەوە لەنگەر نەگرێت، هاوکات پاڵەوانەکانی قوتابی و لاوان بن و باس لە کێشەکانی خۆیان بکەن.

زۆر سەخت بوو لەو ڕۆژگارەدا تێکستێکی لەو جۆرە پەیدا بکرێت، لەو سەردەمەدا لەبەر نەبوونی پێوەندی بە جیهانی دەرەوە، یان لەبەر نەبوونی سەرچاوە و کەمیی کتێب، هەروەها نەزانینی زمانێکی ئەوروپایی، ئەمانە هەموویان کێشە بوون، نەک هەر بۆ من، بگرە بۆ هەر دەرهێنەرێک کە سۆراخی تێکست و زانیاریی شانۆیی کردبا.

سەیر لەوەدا بوو، دید و ئەندێشەم دەربارەی ئەو شانۆنامەیەی کە بیرم لە دەرهێنانی دەکردەوە، گەلێک ڕوون بوو، دەمزانی کام جۆرە شانۆنامەم دەوێ، بەڵام شانۆنامەکە خۆی، وەک تێکستێک کە هەر سێ لایەنی هونەری و کۆمەڵایەتی و پێداگۆگی( پەروەدەیی) لە خۆ گرتبێت، لە ئارادا نەبوو، هەرچەند هەوڵم دەدا شانۆنامەیەک بەدەست بێنم ئەو مەرجانەی تێدا بێت، بەڵام بۆم مەیسەر نەدەبوو.

دیدگای خۆم سەبارەت بە تێکستێکی لەم جۆرە بۆ چەند هاوڕێیەکی خۆم باس کرد، داواشم لێ دەکردن یارمەتیم بدەن، بەتایبەتی ئەوانەی کە خوێندەواری باش و شانۆکاری بەهرەدار و خاوەن سەلیقەبوون، ئەمەش هەر لە ئەزموونی خۆمەوە بۆم دەرکەوتووە کە شێوازێکی بەکەڵکە، شێوازێکی باشە سۆراخی ئەو تێکستە بکەیت کە دەتەوێت کاری لەسەر بکەیت، بە مەرجێک دڵنیا بیت لەوەی بزانیت چیت دەوێت، سیماکانی ئەو دەقە شانۆییەی کە بەدوایدا وێڵێت، بەڕوونی لە ئەندێشەتدا وێنات کردبێت، دەنا وەک ئەو دەرهێنەرانەت لێ دێت کە نیمچە خوێندەوارن و داوا لە کەسانی دیکە دەکەن شانۆنامەیان بۆ هەڵبژێرن.

یەکێک لەو شانۆکارانەی کە لەمێژ بوو پشتم بە ڕا و بۆچوونەکانی بەستبوو، هاوڕێی خۆشەویستم ڕەوانشاد داوود زەیا بوو، کە شانۆکارێکی ئاشووری خەڵکی کەرکووک بوو، من داوودم هەر لە شانۆی قوتابخانەکانەوە، لە قۆناغی ناوەندییەوە، لە تەمەنی شازدە، یان حەڤدە ساڵییەوە دەناسی، هەردووکمان لە چەند قۆناغێکدا هاوڕێ بووین، دواتریش هەردووکمان پێکەوە بووین بە قوتابی شانۆ لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی زانکۆی بەغدا.

کۆتایی هەموو حەفتەیەک کە لە سلێمانی دەگەڕامەوە بۆ کەرکووک، لەگەڵ داوود لە یانەی فەرمانبەران، یان لە یانەی مامۆستایان، هەندێک جاریش لە ماڵی خۆمان لە گەڕەکی شۆریجە، کاتێکی دوورودرێژمان بە باسی شانۆ و ئەدەب و هونەر بە سەر دەبرد، ئێوارەیەکی زستان کتوپڕ داوود لە شۆریجە پەیدا بوو، هەر لەبەر دەرگاوە پێی گوتم شانۆنامەیەکم پەیدا کردووە، وا بزانم دروست ئەوەیە کە تۆ بە دوایدا وێڵێت، فەرموو.

(جیهان لە ناو لەپی دەستدا/ العالم على راحة يد) لە نووسینی (ئەناتۆلی شایکیڤیچ)، پێشتر ناوی ئەم نووسەرەم نەبیستبوو کە چووینە ژوورەوە هەر سەرپێیانە چەند لاپەڕەیەکم لێی خوێندەوە، بە گاڵتەوە پێم گوت:

– کوڕە ئەم نووسەرە کۆمۆنیست نەبێت؟

هەڵبەتە دیاربوو کۆمۆنیست بوو.

ئەمەم گوت، چونکە داوود خۆی کۆمۆنیست بوو، کەسێکی زۆر ڕۆشنبیر و خۆڕاگر و لەگەڵ خۆی ڕاستگۆ بوو.

گوتی: دەتۆ لەوە گەڕێ، ئەوەی باشە کە ژمارەی کەسایەتییەکان زۆرن، زۆربەشیان لاون، کوڕ و کچن،

تەنیا یەک ڕەگەز نین، ئینجا باسی کێشەی گەنج لە کۆمەڵگەی ئێستادا دەکات، واتە لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ شانۆی زانکۆ یەکاویەکە.

ئەوەی ڕاستی بێت داوود جارێکی دیکەش شانۆیییەکی گرنگی بۆ پێشنیار کردم، ئەویش شانۆنامەی (گێژەن)ی سلاڤومیر مرۆژێک بوو، کە لە ساڵی ١٩٨٧ بۆ تیپی شانۆی ئارارات دەرمهێنا، ئەمە پاش ئەوەی من و داوود لە هەندەرانیش یەکمان گرتەوە.

هەر لەو دانیشتنەدا زۆر بە پەلە شانۆنامەکەم خوێندەوە، ئەندێشە و کاردانەوەی یەکەمم بەرانبەر بە تێکستەکە، هەر لە سەرەتاوە زۆر ئەرێنی بوو، هەردوو کۆک بووین لەسەر ئەوەی کە دەبێت بە ئامادەکردنەوە وەربگێردرێتە سەر زمانی کوردی.

شانۆنامەکە باس لە کۆمەڵێ گەنج لە کۆمەڵگەی سۆڤیەتیدا دەکات، کە چۆن وەک لاوانی کۆمسۆمۆڵ (یەکێتیی ڕێکخراوەکانی لاوانی سۆڤیەت) لە کۆمەڵگەی ئێستادا بەربەرەکانی ئاستەنگ و کێشەکانی ئەم سەردەمە دەکەن. گەنجەکان ئارەزووی جیاواز، ویستی جۆراوجۆر و هیوا و ئامانج و خەونی زۆریان هەیە. پاڵەوانی سەرەکی شانۆنامەکە، کە ئالوودەی شانۆیە، ئەڤیینداری کچێکە، هاوکات ڕووبەڕووی دیاردەی ناهەمواری گەندەڵییش دەبێتەوە. ئەو ئێوارەیەی کە بڕیارە نمایشی یەکەمی شانۆگەرییەکەی پێشکەش بکات، لەبەر پەلەکردن و گوڕ و تینی لاویەتی خۆی، تووشی ڕووداوی هاتوچۆ دەبێت و یەکسەر دەمرێت، ئیدی شانۆگەرییەکەی نمایش ناکرێت.

زمانی شانۆنامەکە سادە و ڕەوانە، بابەتەکەیشی ڕاستەوخۆ و بەبێ پێچوپەنایە، وەک بابەتیش چەند غەمێکی لاوان و چەند چیرۆکێکی لە سێ گرێدا، گرتووەتە خۆ، هەر بەو پێیە دیمەنەکانیش کورت کورت و یەک لە دوای یەکن، لەسەر ڕیتم و نەزمێکی مۆسیقایی پتەو بنیاد نراون.

ئەوەی هەر لە سەرەتاوە بۆ من کێشە بوو، نەبوونی زانیاری دەربارەی نووسەری شانۆنامەکە بوو، بۆ خۆیشم یەکێکم لەو ڕێژیسۆرانەی کە ناتوانم کار لەسەر شانۆنامەیەک بکەم، ئەگەر شارەزایی تەواوم دەربارەی نوسەرەکەی نەبێت و بەرهەمەکانیم نەخوێندبێتەوە.

زۆرم هەوڵ دا هەندێک زانیاری دەربارەی ئەناتۆلی شایکیڤیچ پەیدا بکەم، بەڵام هیچم دەست نەکەوت، دەقە عەرەبییەکە، کە دەرهێنەری ئێراقی قاسم محەمەد لە ڕووسییەوە وەریگێڕابوو، هیچ زانیارییەکی دەبارەی نووسەرەکەی لەگەڵدا نەبوو، پاش گەڕان و سۆراخ، هیچ زانیارییەکم لە بارەیەوە چنگ نەکەوت، بۆیە ئەوەندەم بۆ مایەوە کە تەنیا پشت بە تێکستی شانۆنامەکە ببەستم، هەر ئەوەندەم دەزانی کە شانۆنامەیەکی نوێیە، گوزارشت لە ئێستای کۆمەڵگەی سۆڤیەتی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەکات، دەکرێت بڵێم بۆ ئەو سەردەمە، شانۆنامەکە لایەنێکی پڕ تین و جۆشوخرۆشی گەنجی ئەم سەردەمەی پیشان دەدا.

## وەرگێڕان و ئامادەکردنی شانۆنامەکە

دیسانەوە وەرگێڕانی شانۆنامەکەم بە شێرکۆ بێکەس سپارد، ئەوەش لەبەر ئەوەبوو کە زمانی ئەو بۆ شانۆ زۆر زمانێکی کارا و لەبار بوو، ڕاستییەکەی ئەویش پاش خوێندنەوەی شانۆنامەکە، پێی باش بوو کاری لەسەر بکرێت، ئەوەشی دەربڕی کە ڕاستە شانۆنامەکە سادە و ڕەوان و ڕاستەوخۆیە، بەڵام هەڵبژاردنی تێکستێکی لەو جۆرە هەناسەیەکی جیاواز و بژاردەیەکی نوێیە بۆ شانۆی کوردی، من هەوڵ دەدەم وشەکانی شێرکۆ بێکەس وەک خۆی تۆمار بکەم.

کە ئەو بۆچوونە ئەرێنیانەم لە (شێرکۆ بێکەس) بیست، یەکسەر داوام لێکرد هەر خۆی، سەرەڕای وەرگێڕانی تێکستەکە، ئەرکی ئامادەکردنیشی بگرێتە ئەستۆ. بیر و هزری خۆمم دەبارەی چۆنیەتی ئامادەکردنەکە، بەتایبەتی هێڵە سەرەکییەکانیم بۆ شێرکۆ بێکەس باس کرد، ئەوەی بەلای منەوە لە داڕشتنەوەی تێکستەکەدا گرنگ بوو، چوارچێوە و بنیادە دراماییەکەی بوو، ئەوەی کە بەزمانی دراما پێی دەگوترێت سەر لەنوێ بنیادنانەوەی دراماتۆرگیانەی تێکستەکە.

دیدی تایبەتیم لەم ڕووەوە کە دەیکردە هزری بنەڕەتی دراماکە و بینای نمایشەکە، ئەوەبوو کە پاڵەوانی سەرەکی شانۆنامەکە ئەکتەربوو، لە شانۆیەکی گەنجاندا کاری دەکرد، لەو پێناوەشدا سەری نایەوە، بۆیە پێم وا بوو فۆرمی کارەکە هەمووی هەر لەسەر تەختەی شانۆدا ڕوو بدات، واتە شانۆیەکی بچووک سەرتاسەری شانۆ گەورەکە بگرێتە خۆی، ئەمەش بە مانا مەجازی و

سیبمۆلیییەکەی، نەک بە مانا و تەکنیکی شانۆ لە ناو شانۆدا، هەرچەندە دەقەکە ئەو شەقڵەش دەگرێتە خۆی.

زۆری نەخایاند، پاش چەند ڕۆژێک شێرکۆ بێکەس تێکستەکەی بە وەرگێڕان و ئامادەکردنەوە دایە دەستم، گوتی بزانە ئەو ناوونیشانە چۆنە؟ جیهان لەسەر شانۆییەکی بچووک. لە بری جیهان لە ناو لەپی دەست.

بەڕاستی ناوونیشانەکەی شێرکۆ بێکەس گەلێک لە ناوونیشانەکەی نووسەر هێمابەخشتربوو. شێرکۆ لە سەرجەمی ئامادەکردنەکەدا ئەوەندەی بۆی کرابوو، تێکستەکەی لە ئەندێشە و فەنتازیای تاکی کوردەوە نزیک کردبووەوە، ئەمە بێ ئەوەی ژینگەیەکی ڕیالیستی ئەوتۆ بەسەر شانۆنامەکەدا بسەپێنێ، یان مۆرکێکی کوردەواری فۆلکلۆری پێ ببەخشێت، زمانی شاعیرانەی شێرکۆ بێکەس لە هەموو دیمەنەکاندا زمانە عەرەبییەکەی قاسم محەمەدی بەزاندبوو، دیارە هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شێرکۆ بێکەس پتر وەک شاعیر مامەڵەی لەگەڵ شانۆنامەکەدا کردبوو، لەلایەکی دیکەشەوە، ئەو کە تێکستێکی بۆ من ئامادە دەکرد، هەر لە (پردی ئارتا)وە، ئەو کارەی بە دڵ و بەگیان بۆ دەکردم.

بە کورتی شانۆنامەکە پاش وەرگێڕان و ئامادەکردن، وەک چێژ و کەش و پانتایی کراوە و واڵا و شاعیرانە بوو، کەسایەتییەکانی بەزمانێکی خوڕ و ڕەوان و بە ڕیتمێکی خێرا دەدوان. نایشارمەوە کە تێکستە کوردییەکەم خوێندەوە، دوو هێندە ئارەزووی دەرهێنانیم لەلا گەرموگوڕتر بوو.

جیهان لەسەر شانۆییەکی بچووک، پرۆژەیەک بوو بۆ بەشداریکردن لە فیستیڤاڵی شانۆیی زانکۆکان لە شاری بەسرە دیزاین کرابوو، هەر لە سەرەتاوە بیرمان لەوە دەکردەوە کە چۆن بتوانین چیرۆکی شانۆنامەکە، بەلانی کەمەوە هێڵی سەرەکی چیرۆکەکە بە بینەرانی عەرەب بگەیەنین. بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە، بیرمان لە چەند شێوازێک کردەوە کە ناوەرۆکی تێکستەکە بۆ بینەرانی کوردی نەزان ئاسانتر بکات، تا لە کۆتاییدا لەگەڵ شێرکۆ بێکەس لەسەر بەکارهێنانی حیکایەتخوان بە زمانی عەرەبی گیرساینەوە. هەر خودی تێکستی شانۆنامەکە لە بنەڕەتدا پشتی بە حیکایەتخوانێک دەبەست، کە یەکێک بوو لە کەسایەتییە سەرەکییەکانی شانۆنامەکە، بۆیە پێمان باش بوو هەر ئەو حیکایەتخوانە ڕۆڵەکەی خۆی بە زمانی عەرەبی نمایش بکات، واتە هەموو چیرۆکەکە دیمەن بە دیمەن وەک چیرۆکبێژ بۆ بینەران بگێڕێتەوە.

لە سەرەتاوە سەبارەت بەم تەکنیکە تا ڕادەیەک دوودڵ بووم، هەرچەندە حیکایەتخوانەکە وەک ئاماژەم پێ کرد، خۆی کەسایەتییەکی سەرەکی شانۆنامەکە بوو، بەڵام لەوە دوودڵ بووم کە لە ناو سەرتاپای شانۆگەرییەکە، تاکەکەس بێت بە عەرەبی قسە بکات، پێم وابوو ئەو تەکنیکە تا ڕادەیەک هونەریی نییە و تۆزێکیش هەرزانبەهایە، بەڵام لە پاش نمایشکەی بەسرە، دەرکەوت ئەو حیکایەتخوانە کە لە نمایشەکەی ئێمەدا کچ بوو، زۆر کاریگەر بوو.

هەرچۆنێک بێت، شانۆکاران و بینەران کە کوردییان نەدەزانی، گەلێک ئەو کارەیان پەسەند کرد و پێیان باش بوو.